# ‹دەوڵەت و سەروەریی› و ‹نەتەوە و نەتەوەخوازیی›

ڕۆد هاگ و مارتین هاررۆپ

وەرگێڕانی: بیریار ژاوەرۆیی

**وەرگێڕ:** ئەم وتارە وەرگێڕدراوی دوو بەشە لەسەر چەمکەکانی ‘دەوڵەت و سەروەریی’[1] و ‘نەتەوەکان و نەتەوەخوازیی’[2] وەرگیراو لە پەرتووکی ‘حکوومەت و سیاسەتی بەراوردکاری’[3] کە پەرتووکێکی سەرچاوەیە لە زانستی رامیاریدا. نووسەرانی ئەو پەرتووکە سەرەتا تیشکیان خستووەتە سەر چەمکە جیاوازەکان لەو زانستەدا. لەو چەمکانە زیاتر لە هەمووی چەمکە هەڵبژێردراوەکانی سەرەوە پێوەندییان بە پرسی کورد و کوردستانەوە هەیە. بۆیە، هەوڵدرا ئەو بەشانە وەرگێڕدرێنەوە سەر زمانی کوردی. جێی ئاماژەیە کە نووسەران لە کاتی باس لەسەر جۆرە جیاوازەکانی نەتەوە وەک نموونەیەک لە ‘نەتەوەی بێ دەوڵەت’ ئاماژە بە کورد دەکەن و هەر لەو پێوەندییەدا لە چاپی هەشتەمی پەرتووکەکەیاندا کە لە ساڵی ٢٠١٠ دا بڵاو بووەتەوە و ئەم وەرگێڕدراوەش لەوە وەرگیراوە، بابەتەکەیان بە نەخشەیەکی کوردستانی گەورە وەکوو نەخشەی ”ناوچە کوردنشینەکان“ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕازاندووەتەوە.

## دەوڵەت و سەروەریی

دەوڵەت ئێستا بنەمای زاڵی ڕێکخراوی سیاسییە لەسەر ئاستی جیهاندا. هەڵبەت، هەندێ دەگمەنیی سەرنجراکێش بوونیان هەیە (Wild, ٢٠٠٧). ئەمانە بریتین لەو خاکانەی کە هێشتا هان لە ژێر کۆنترۆڵی کۆلۆنیالدا (بۆ نموونە، جەبەل تاریقی بەریتانیا) یان لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەڕێوە دەبرێن (بۆ نموونە، بۆسنی) یان ئارەزوومەندانە ملکەچی دەسەڵاتی دەرەکی هاوبەش بوون (بۆ نموونە پورتۆریکۆ گرێدراوە بە ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە) یان خودموختاری بەرچاویان پێ دراوە لە ناو دەوڵەتێکی گەورەتردا (بۆ وێنە هۆنگ کۆنگ لە ناو چیندا). ‘دەوڵەت’ کۆمەڵێکی سیاسییە کە لەلایەن جەماوەرێکی سەر خاکێک کە ملکەچی یەک حکوومەتن پێکهێنراوە. ئەگەر وەها دەگمەنیگەلێکی نائاسایی بنینە لاوە و ڕەچاویان نەکەین، جیهان دابەش کراوە بە سەر دەوڵەتگەلێکی جیاواز کە لە ڕێگەی ناسینی فەرمی و دانوستانی دوولایەنەوە سیستەمی نێونەتەوەیی[4] پێکدێنن (وێنەی ١.١). لەم پەرتووکەدا [مەبەست سەرچاوەکەیە] تیشکی سەرەکی خراوەتە سەر ئەم یەکەیانە و بەو هۆیە ئێمە پاژی ٤ بۆ چەمکەکانی گەشەسەندن و گرنگایەتی دەوڵەت تەرخان دەکەین. لێرەدا ئێمە تیشک دەخەینە سەر خودی چەمکەکە.

*وێنەی ١.١ دەوڵەتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا، ١٩٤٩-٢٠٠٩*



'دەوڵەت' کۆمەڵێکی سیاسییە[٥] کە لەلایەن جەماوەرێکی سەر خاکێک کە ملکەچی یەک حکوومەتن پێکهێنراوە. دەوڵەت ئینستیتوشن/دامەزراوەیەکی بێ وێنەیە کە لە سەرەوەی هەموو ڕێکخراوەکانی تر لە کۆمەڵگادایە. بە تەنیایی نەک هەر داواکاری/ئیدیعای شیاویەتی بەڵکوو مافی بەکارهێنانی زۆر/هێزیش دەکات. هەروەها کە ویبەر ئاماژەی پێکردووە، تایبەتمەندی تایبەتی دەوڵەت ڕێک ئەم تێکەڵکردنەی هێز لەگەڵ دەسەڵاتە: 'دەوڵەت کۆمەڵێکی مرۆییە کە (سەرکەوتووانە) ئیدیعای بەکارهێنانی ڕەوای هێزی فیزیکی بە شێوەی پاوانخوازانە لە نێو سنوورێکی دیاریکراودا دەکات'(بە وتەی گێرت و میڵز[٦]، ١٩٤٨، ل. ٧٨). کاتێ کە پاوانخوازیی دەوڵەت لەسەر هێزی ڕەوا هەرەشەی لێدەکرێت، بۆ وێنە لە شەڕی ناوخۆییدا، بوونی لە مەترسیدایە. تا ئەو کاتەی ململانێییەکە بەردەوام بێت، دەسەڵاتی ڕەوا بوونی نییە. بۆیە، شۆڕشگێڕی ڕووسی ڤلادیمیر لینین (١٨٧٠-١٩٢٤)[٧] لە پێناسەکردنی ڕەشبینانەی دەوڵەتەکاندا وەک شتێک نە زیاتر لە 'پێکهاتەگەلێک لە پیاوانی چەکدار'، تەنیا تارادەیەک ڕاست بوو. بەپێچەوانەی لینین، پێکهاتەیەک لە پیاوانی چەکدار دەوڵەتێک پێکناهێنێت: لەبەر ئەوەی کە یاسای چەک هەرگیز یاسا نییە. دەوڵەت چۆن جیاوازە لە حکوومەت؟ لە بنەڕەتدا، دەوڵەت ئەو کۆمەڵە سیاسییە پێناسە دەکات کە تێیدا حکوومەت بریکاری بەڕێوەبەری و هەڵسوورانە. دەوڵەت لە ڕێگەی ئیدیعای سەرکەوتووانەی پاوانی هێزی ڕێگەپێدراوەوە فەرمانێک بۆ حوکمڕانی دەردەکات کە پاشان حکوومەت دەیخاتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەم جیاوازییە لە نێوان دەوڵەت و حکوومەتدا لە جیاکردنەوەی ڕۆڵە تایبەتەکانی سەرۆکی دەوڵەت و سەرۆکی حکوومەتدا ڕەنگدەداتەوە. بۆ نموونە، پاشا ئەوروپییەکان هێمای دەوڵەتن بەڵام سەرۆکوەزیرەکانیان بەرپرسی حکوومەتن.[٨] لەبەر ئەوەی کە زۆرێک لە پاساوهێنانەوە بیردۆزییەکان بۆ دەوڵەت لەلایەن بیرۆکەی ئەوروپایی 'سەروەریی'یەوە دابین دەکرێت، ئێمە دەبێت ئەم چەمکە روون بکەینەوە. بەوجۆرەی کە لەلایەن فەیلەسوفی فەرەنسی ژان بۆدن (١٥٢٩-٩٦)[٩] پەرەی پێدرا، سەروەریی ئاماژە دەکات بە هێزی ڕاگیرنەکراو و دابەشنەکراو بۆ دانانی یاساکان. هەر بەو شێوەیە، یاسازانی ئینگلیزی ویلیام بلەکستۆن (١٧٢٣-٨٠)[١٠] باسی دەکرد کە "لە هەر دەوڵەتێکدا دەسەڵاتێکی باڵا، بەهێز، ڕەها و کۆنترۆڵنەکراو هەیە و دەبێ هەبێت، کە تێیدا مافی سەروەریی جێی گرتووە." وشەی 'سەروەر' لە بنەڕەتدا بە واتای کەسێک بوو کە لە سەرەوە دانیشتبێت. کەواتە، پێکهاتەی سەروەر ئەو دامەزراوەیە کە لەلایەن دەسەڵاتێکی بانترەوە سنووردار نەکراوەتەوە: بەرزترینی بەرزەکان. بەپێی پێناسە، ئەو پێکهاتەیە دەوڵەتە. هەروەها کە بۆدن نووسی، سەروەر دەتوانێت "یاسا دانێت بۆ هەمووان و هەر کەسێک لە ڕەعیەتەکان و هیچێک [هیچ یاسایەک] لەوان وەرنەگرێت." سەروەریی لە بنەڕەتدا لە ئەوروپادا بۆ پاساوی هەوڵی شاکان بۆ کۆنترۆڵی تۆکمە بە سەر شانشینەکاندا کە تێیاندا دەسەڵات پێشتر هاوبەش کرابوو لەگەڵ ئاریستۆکراسی فیۆداڵ و کەلیسای کاتۆلیک، پەرەی سەند. لەڕاستیدا، پاشای بەریتانیا هێشتا وەکوو 'سەروەر' دەناسرێت. بەم شێوەیە بە پیرۆزکردنی دەسەڵاتی ناوەندی چەمکی یاسایی سەروەریی بەهێزەوە لە پەرەسەندنی

دەوڵەتی ئەوروپاییدا بەشداریی کرد.

'سەروەریی' ئاماژە دەکات بە سەرچاوەی کۆتایی دەسەڵات لە کۆمەڵگا. سەروەر بانترین و دوایین بڕیاردەرە لە نێو کۆمەڵێکدا. بەڵام لەگەڵ گەشەسەندنی دیمۆکراسیدا، ئەو باوەڕەش گەشەی سەند کە پارلەمانە هەڵبژێردراوەکان کە بە نوێنەرایەتی لەلایەن خەڵکەوە کار دەکەن، خاوەنی ڕاستەقینەی سەروەرین. ئامرازی بەدەستهێنانی سەروەریی پەرەی سەند ئەگەرچی گرنگایەتی بیردۆزانەی 'دەسەڵاتی باڵا'ی بلەکستۆن بە بێ پرسیار و گومان لەسەری مایەوە، بەتایبەت لە وڵاتانی ئەوروپایی بەناوەندیکراودا (سێنترالیزەکراو) وەکوو بەریتانیا و فەرەنسا. تا ئەمڕۆش، چەمکی 'سەروەریی پارلەمانی' وەک زاراوەیەکی گرنگ لە باسە سیاسییەکانی بەریتانیادا ماوەتەوە.

لە دەرەوەی ئەوروپا، چەمکی سەروەریی بە لاوازی مایەوە. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی فیدراڵدا، بۆ وێنە، دەسەڵاتی سیاسی هاوبەش کراوە لە نێوان حکوومەتی ناوەندی و حکوومەتی ویلایەتەکاندا، کە هەموویان بەپێی یاسایەکی بنەڕەتی کار دەکەن کە گوایە لەلایەن 'ئێمە، خەڵک'ەوە دانراوە و لەلایەن دادگای باڵاوە دەپارێزرێت. لەم هەلومەرجەدا، بیرۆکەی سەروەریی و هەروەهاش، بە شێوەیەکی گرنگ، چەمکی دەوڵەت بۆخۆیشی، شل دەبێتەوە. ئەمریکییەکان لە وشەی 'دەوڵەت' زۆرتر بۆ ئاماژە بە ٥٠ ویلایەتی یەکیەتییەکە کەڵک وەردەگرن تاکوو حکوومەتی فیدراڵ لە واشنتۆندا. حکوومەتی ناوەندی ئەمریکا کە لە ڕێگەی پشکنین و هاوسەنگییەوە (چێک و بالانس) سنووردار کراوە، ئەو 'دەسەڵاتە ڕەها و کۆنترۆڵکراوە'ی نییە کە بە ڕای بلەکستۆن زۆر پێویست بوو بۆ دەوڵەت.

باسی هاوچەرخ لە نێوان سەروەریی 'ناوەکی' و 'دەرەکی'دا جیاوازیی دادەنێت. سەروەریی دەرەکی گرنگە لەبەر ئەوەی کە ڕێگە دەدات بە دەوڵەتێک کە داواکاری ئەو مافەی بێت کە نەتەنیا کاروباری ناو سنوورەکانی خۆی ڕێکبخات بەڵکوو وەکوو ئەندامێکی وەرگیراو لە بەندوباوی نێونەتەوەییدا بەشداریی بکات. بەم شێوەیە، پەرەسەندنی سیستەمی نێونەتەوەیی دەسەڵاتی دەوڵەتەکان لە بواری ناوخۆییدا بەهێز دەکات. سەروەریی ناوەکی و دەرەکی بە شێوەی ئاسایی یەکتر بەهێز دەکەن. بەمجۆرە، کۆسۆڤۆ کە لە ٢٠٠٨ دا سەربەخۆیی لە سێربستانی ڕاگەیاند بەڵام خەباتی کردووە بۆ بەدەستهێنانی دانپێدانانی دەرەکی تەواو، خۆی لە دۆخێکی نادیاردا دەبینێتەوە.

'سەروەریی ناوەکی' ئاماژە دەکات بە دەسەڵاتی یاسادانان لە ناو خاکێکدا.

'سەروەریی دەرەکی' ئاماژە دەکات بە دانپێدانانی نێونەتەوەیی بە شیاویەتی یاسایی سەروەرەکە لە خاکەکەدا.

پێش هەموو شتێک، سەروەریی پێکهێنراوەیەکی بیردۆزانەیە. مافی فەرمی بۆ دانانی یاسا بەو واتایە نییە کە سەروەرەکە خاوەن هێزی ڕەهایە. هەموو سەروەرەکان دەکەونە بەر کاریگەری ڕووداوەکانی دەرەوە و ناوەوەی سنوورەکانیان. لەبەر ئەم هۆکارە، دەبێ بە گومانەوە لەگەڵ ئەو داواکاریانە مامەڵە بکرێت کە دەڵێن سەروەریی بووەتە ئەفسانەیەک لە جیهانێکدا کە هەمووان پشتیان بە یەکتر بەستووە. سەروەریی هەمیشە ئەفسانە بووە؛ ئەوە سروشت و گرنگییەکەیەتی. مێکزیک، بۆ نموونە، زیاتر پێبەستەی ویلایەتە یەکگرتووەکانە تاکوو پێچەوانەکەی بەڵام

هەر دوو وڵاتەکە بە فەرمی وەکوو نەتەوەگەلێکی سەروەر بەرابەر دەمێننەوە. فەڕەنسا (٦٤.١ ملیۆن حەشیمەت) سەربەخۆترە لە بێلژیک/بەلجیکا (١٠.٤ ملیۆن حەشیمەت) بەڵام هەردووکیان قەوارەگەلێکی سەروەرن. کۆنترۆڵی دەوڵەت بە سەر چارەنووسیدا بابەت و پرسی پلەیە بەڵام سەروەرییەکەی لە سروشتی خۆیدا بێ سنوورە. ماکی سەروەریی ڕێک لە ناونیشانێکی یاسایی بێ مەرج و سنووردا شاراوەیە: "سەربەخۆیی یاسایی، وەکوو هاوسەرگیریی، دۆخێکی ڕەهایە. خەڵک چ هاوسەرگیریان کردبێت چ نە؛ ئەوان ناتوانن ٧٠ لە سەد هاوسەرگیریکراو بن. سەروەریش هەر وەهایە: وڵاتێک یان ناونیشانی یاسایی سەروەریی هەیە یان نییەتی؛ دۆخێک لەو نێوانەدا بوونی نییە." (Sorensen, ٢٠٠٤, p. ١٠٤)

## نەتەوەکان و نەتەوەخوازیی

'نەتەوە' چەمکێکی ئاستەمترە لە دەوڵەت. نەتەوەکان کۆمەڵە خەیاڵی یان وێناکراوەکانن و زۆرجار نەتەوەیەک وەک هەر گرووپێک سەیر دەکرێت کە داواکارییەکی هەیە بۆ ئەوەی وەها [وەک نەتەوە] ڕەچاو بکرێت (Anderson, ١٩٨٣). بەوەشەوە، لە دوو ڕووەوە ئێمە دەتوانین کەمێک وردتر بین.[11] سەرەتا، نەتەوەکان خەڵکانێکن کە نیشتمانیان هەیە. وەک ئێلی و سانی (p. 10 ,1996)[12] دەڵێن، نەتەوەیەک وەک دەوڵەتێک پێویستی بە 'داواکارییەک لەسەر کوتەڵەیەکی/پارچەیەکی تایبەت لە مولکوماڵ' هەیە. لێرەدا ڕێخەی وشەی 'نەتەوە'، کە لە زاراوەیەکی لاتینەوە بە واتای شوێنی لەدایکبوون سەرچاوە دەگرێت، پێوەندیدارە. پێوەندی نێوان نەتەوە و شوێن یەک لەو فاکتۆرانەیە کە نەتەوەیەک لە هۆز یان گرووپێکی خزمیی/ئێتنیکی جیا دەکاتەوە. هۆزێک دەتوانێت بە ئاسانی جێگۆڕکێ بە ماڵ بکات[13] بەڵام نەتەوەیەک بەستراوەتەوە بە خاکی دایکییەوە و زۆرتر لە ڕێگەی پەرەپێدان و بچووکبوونەوەوە شێوە دەگۆڕدرێت. دووەم، کاتێک گرووپێک داواکاریی ئەوەی هەیە کە نەتەوەیەکە، ئەوە مافی 'چارەی خۆنووسین'ی لە نێو نیشتمانی خۆیدا ڕادەگەینێت. ئەوە بە دوای سەروەری بە سەر خاکەکەیدایە، بە کەڵکوەرگرتن یان داهێنانی چاندێکی هاوبەش بۆ پاساودانەوەی داواکارییەکەی. ئەم داواکارییەی خۆ-حوکمرانی (کە نابێ لەگەڵ حوکمرانی دێمۆکراتیکدا تێکەڵ بکرێت) بە بیرۆکەی نەتەوە تایبەتمەندییە سیاسییەکەی دەبەخشێت. گرووپێک بە گەیشتن یان بەدواداچوونی کۆنترۆڵ بەسەر چارەنووسی خۆیدا، چ لە ڕێگەی سەربەخۆیی یان دابەشکردنی دەسەڵات، دەبێ بە نەتەوە. نەتەوەکان یان بوونەتە خاوەن دەوڵەت یان لە چاوەڕوانیدان ببن بە خاوەن دەوڵەت. 'مافی چارەی خۆنووسین' هەڵبژاردنی کردەوەکان بە بێ زۆرەملێی دەرەکییە. مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی مافی خەڵکێکە بۆ بوون بە خاوەن حکوومەتی خۆیان، دێمۆکراتیک بێت یان نا. بنەماکە لە ڕاگەیەندراوی کاریگەری ئاتلانتیک (١٩٤١)، دەربڕینامەیەکی هاوبەش لەلایەن فرانکلین ڕۆزڤێڵت و وینستۆن چێرچیل، دەربڕدرا و بوو بە بناخەی لەکۆڵۆنی دەرهێنان. هەندێک نموونە دەریدەخەن کە چۆن داخوازییەکان بۆ نەتەوەبوون خاک، چاند/کەلەپوور و ڕامیاریی تێکەڵ دەکەن.

وەســـفکردنی کەنەدییە فەڕەنسی زمانەکان وەک نەتەوەیەکـــی جیاواز، لـــە بەرانبەر کۆمەڵێکـــی زمانیـــدا، داواکارییـــەک بۆ خودموختـــاری ئەگـــەر نا ســـەربەخۆیی پیشـــان دەدات بۆ ئـــەم گروپـــە کە لە ڕووی چاندییـــەوە جیـــاواز و لـــە ڕووی جوگرافیاییەوە چڕەوبووە. هەر بەو شـــێوەیە، خەبات بۆ دەوڵەتی فەلەســـتینی لە ســـاڵی ١٩٤٨ەوە، ناســـێنەی نەتەوەیی فەلەستینی بەهێزتر کـــردووە کە پێشـــتر نادیارتر بوو. لەبـــەر ئـــەوەی کـــە چەمکـــی نەتەوە سیاســـییە، پێویســـت نـــاکات نەتەوەکان بـــە زمانێکـــی هاوبـــەش یەکبگـــرن. زمانێکـــی هاوبـــەش بـــە دڵنیاییـــەوە ئەرکی یەکدەســـتبوونی چاندیی ئاســـان دەکاتەوە، بەوەشـــەوە وڵاتی ســـویس، بۆ نموونە، بـــێ گومـــان نەتەوەیەکە گەرچی فەڕەنســـی، ئەڵمانـــی و ئیتاڵـــی لەوێدا بەکاردەهێنرێـــن. هـــەر بەو شـــێوەیە، بە ئینگلیـــزی قســـەکردن بۆ خـــاوەن مەرج بوونـــی ئەندامەتـــی نەتـــەوەی ئینگلیز بەس نییـــە؛ ئەگـــەر وابوایـــە، نەتەوەی ئینگلیز هەمـــوو جیهانـــی لەبەردەگرت.[14] لە پەرەســـەندنی تێگەیشـــتن لە نەتەوە، باس لـــە ســـەر ئەوە بـــووە کـــە ئاخۆ نەتەوەکان دەبـــێ وەک مۆدێرن/نۆژەن یان دێرین/کەون ســـەیر بکرێـــن. لەلایەکەوە، نەتـــەوەکان زۆرتـــر وەک هەوڵگەلێـــک لەلایـــەن خەڵکـــەوە ڕەچـــاو دەکرێن بۆ ســـەلماندنی مافی لە بنەڕەتـــدا مۆدێرنی چارەی خۆنووســـینی خۆیـــان. لەلایەکی تـــرەوە، نەتـــەوەکان وەکـــوو بوونەوەرانی ســـەردەمی دێرینیش ســـەیر دەکرێن کە هەر لە شـــلەی سەرەتایی[15] ســـەردەمانی ڕابردووەوە ســـەریانهەڵداوە. چ باسگەلێک لە هەر لایەکی ئەم مشـــتومڕەدا دێتە ئاراوە؟ ڕەنگە بوترێت بەشـــێک لـــە جۆری مرۆڤ 'نەتەوایەتی'یـــەک پێکدەهێنێـــت ئەگەر بە هاوســـۆزیگەلێکی هاوبەش لـــە نێوان خۆیانـــدا یەکبگرن... کە وایـــان لێدەکات زیاتر بـــە ئـــارەزووی خۆیان هـــاوکاری یەکتـــر بکـــەن لە چـــاو خەڵکانـــی تر، ئاواتەخـــواز بن کـــە لە ژێر دەســـەڵاتی یەک حکوومەتـــدا بـــن، و ئاواتەخواز بن کـــە ئـــەوە دەبـــێ حکوومـــەت لەلایەن خۆیانـــەوە یـــان بەشـــێک لـــە خۆیان بەتایبەتی بێـــت (Mill, ١٨٦١, p. ٣٩١). بە مۆدێـــرن دیتنی نەتەوەکان پێشـــنیار دەکات کـــە ئەوانـــە نەدۆزراونەتەوە بەڵکوو پێکهێنـــراون. نەتـــەوەکان داواکاریـــی دەوڵەتدارییـــان هەیە و، لەبـــەر ئەوەی کە دەوڵەتەکان خۆیـــان بەرهەمی مۆدێرنیتەن، نەتەوەکانیـــش هەروەهـــان. بەتایبەتـــی، ناســـێنەیەکی نەتەوەیـــی خزمەتـــی چەندین کـــردەی مۆدێـــرن دەکات. ئەمە خەڵکێـــک یەکدەخات کە یەکتر نـاناســـن بـــەڵام ســـەرەرای ئـــەوەش خۆیـــان بە لێکترگرێدراو دەبیننەوە لە ژێر دەســـەڵاتی حوکمڕانیگـــەل و بازاڕگەلـــی هاوبەشـــدا. پێشـــنیار دەکرێت کـــە نەتەوایەتییەکی هاوبـــەش پێوەندیەکـــی ســـۆزداری بـــۆ جیهانێکـــی تادێـــت ئاوەزمەندانەتر دابین دەکات. ئەمە ڕێگـــە دەدات بە دۆراوەکانی گواســـتنەوە بۆ ئابوورییەکی بـــازاڕ تاکوو لـــە پێشـــکەوتنی وڵاتەکەیان بە گشـــتی ئاســـوودە بـــن. هەر بـــەو شـــێوەیەش، ناســـێنەی نەتەوەیـــی پاســـاوی ژێرانە بۆ بەشـــداری لە شـــەڕدا دابیـــن دەکات، بە هاندانـــی خەڵک "بـــۆ مردن لـــە پێناو کەســـانی نامۆدا"(Langman, ٢٠٠٦). بـــە دڵنیاییەوە، لـــە ڕەوتـــی خەباتەکانی ئـــەم دواییەدا زۆر نەتـــەوە پێکهێنراون. لە ســـەدەکانی نۆزدەیەم و بەتایبەت بیستەمدا، خەڵکانی کۆلۆنییەکان لـــە ژێر بەیداخێکی ناسیۆنالیســـتیدا بـــەرەو ســـەربەخۆیی ڕۆیشـــتن. ئەم دەربڕینانە لەسەر ناسێنەی

نەتەوەیی زۆر جار بە ڕادەی ئەو سنوورانەی کە لە بنەڕەتدا لەلایەن حوکمڕانانی کۆلۆنیکەرەوە سەپێندرابوون، دەسکرد بوون. ئەوە "بوون و هێزی ڕەژێمە کۆلۆنیالەکان بوو کە پەرەپێدانی ناسێنەیەکی نەتەوەیی وەکوو بناخەی خۆڕاگری وروژاند" (Calhoun, ١٩٩٧, p. ١٠٨). لە ڕەوتێکدا کە بە شێوەیەکی گونجاو پێی گوتراوە ناسیۆنالیزم لە سەرەوە، ڕێبەرانی بزووتنەوەکانی سەربەخۆیی بزووتنەوە نەتەوەییەکانیان دامەزراند کە بەڕاستی سەلماندیان کە گۆڕهەڵکەنەکانی ئیمپراتۆریەت بوون. تێگەیشتنی بەرانبەر، کە نەتەوەکان کۆنن نەک مۆدێرن، لەلایەن 'ئانتۆنی ئێسمیت'ەوە (٢٠٠٩)[١٦] هاتووەتە ئاراوە. ئەو ئاماژە دەکات کە چەندین گرووپی ئێتنیکی گەورە ('نەتەوەکان'؟) بەڕاستی ڕەگ و ڕیشەی دووردرێژیان هەیە؛ نموونەکان بریتین لە یۆنانییەکان، سربەکان و چینییەکان. بۆ ئێسمیت، نەتەوەکان پێوەند دراون بە نەریتێک - ڕاستەقینە یان ئەفسانەیی - لەسەر ڕەچەڵەک، مێژوو و چاندی هاوبەش. ئەم هەڵوێستە ڕوانگەی سەرەتاییانەیە لەسەر نەتەوەکان، واتە هەر لە سەرەتاوە هەبوون. چەندین نووسەری تر پێشنیار دەکەن کە هەستی نەتەوایەتی بەشێکی سروشتییە لە بارودۆخی مرۆڤ، نەک وەڵامێک بۆ بارودۆخە مۆدێرنەکان. گیرتز (١٩٦٣)[١٧]، بۆ نموونە، لەسەر ئەو بڕوایە کە مرۆڤەکان بە شێوەی سروشتی پەیوەندییەکی سۆزداری یان واتاویی/مەعنەوی لەگەڵ گرووپبەندییەکی گەورەتر لە دراوسێ نزیکەکانیان (ئەوەی کە ئەم بوونێتییە بەرینترە پێویستە نەتەوەیەک بێت یان نا، پرسێکی ترە) پەرە پێ دەدەن. هەر بەو شێوەیە، ڤان دێن بێرخە[١٨] (19881, p. 27) ناسیۆنالیزم پێوەند دەدات بە تێگەیشتنی سەرەتاییانە لە خزمایەتی. ئەو پێی وایە کە ئێمە بوونەوەرانێکی چاندین کە لە ڕێگەی دانپێدانانی هاوبەش بە ڕەچەڵەکی هاوبەش پێکەوە گرێدراوین. بەڵام ئەم دانپێدانانە ناتوانرێت تەنیا دابهێنرێت بەڵکوو "دەبێ ڕەگ و ڕیشەی لە ڕاستێتیی مێژووییدا هەبێت." کەواتە نەتەوەکان گرووپگەلێکی خزمایەتی پەرەسەندوون کە وەڵامی پێویستیی چاندیمان دەدەنەوە بۆ ئەوەی بزانین کە ئێمە کێین. ئەوان تایبەتمەندیی گشتگیرییان هەیە، نەک بەتایبەتی مۆدێرن. وەک زۆر باس و مشتومڕ لە سیاسەتدا، بە ئەگەرەوە توخمگەلێک لە ڕاستی لە هەردوو هەڵوێستەکەدا هەیە. بە گشتی، لەکاتێکدا کە ڕەنگە هەندێ نەتەوەی گەورە وەک گرووپە ئێتنیکییەکان خاوەن مێژوویەکی دووردرێژ بن، ویدەچێت [نەتەوەکان] زیاتر لە هوروژمی سەدەی بیستەمی بۆ دەوڵەتداریی پێکهاتبێتن. دیاریکردنی ڕێکەوتی سەرچاوەی وردی نەتەوەکان بۆی نییە بەڵام ڕۆڵی سەرەکییان بە دڵنیاییەوە لە سەردەمانی مۆدێرندایە. تەنانەت زیاتر لە نەتەوەکان خۆیان، 'ناسیۆنالیزم/نەتەوەخوازیی' دۆکترینێک یان کۆمەڵەباوەڕێک لەسەر مدێرنیتەیە. وەک زۆرێک لە 'ئیزم/خوازیی'ەکان، ناسیۆنالیزم لە سەدەی نۆزدەیەمدا سەریهەڵدا و لە سەدەی بیستەمدا گەشەی سەند. بەڵام بەپێچەوانەی ئەو 'ئیزم'انەی تر، بنەمای ناسیۆنالیزم بە دڵنیاییەوە سەرڕاست و سادەیە. بە سادەیی ئەمە ئەو دۆکترینەیە کە نەتەوەکان مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هەیە — بۆ بەڕێوەبردنی

خۆیان. بەم شێوەیە، ناسیۆنالیزم بیرۆکەیەکی گشتگیر و جیهانییە، گەرچی هەر نەتەوەیەک بێ وێنەیە و ڕەگ و ڕیشەی لە شوێنێکی تایبەتدایە. پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر مافە شارستانی و سیاسییەکان (UNHCR, ١٩٦٦) کورتە دەربڕینێک لەسەر بنەمای خۆ-حکوومەتی نەتەوەیی پێشکەش دەکات: "هەموو خەڵکێک مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەیە. بە هۆی ئەو مافەوە ئەوان ئازادانە پێگەی سیاسی خۆیان دیاریی دەکەن و مافە ئابووریی، کۆمەڵایەتی و چاندییەکانیان بەدواداچوون دەکەن." ئەم بنەمایە سەلماندی کە زۆر کاریگەر بووە بە درێژایی سەدەی بیستەم. لە سەرەتاوە، لەگەڵ دارمانی کۆتایی ئیمپراتۆریەتەکانی ئوتریش-مەجارستان و عوسمانی، ناسیۆنالیزم پاساوێکی بۆ دیسان کێشانەوەی نەخشەی ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابین کرد. پاشان، لە دەیەکانی دوای ساڵی ١٩٤٥، ڕزگارکردنی نەتەوەیی ڕێگەی دا بە کۆلۆنییەکان لە ئافریقا و ئاسیا کە سەربەخۆیی سیاسی لە ئاغا کۆلۆنیکەرەکانیان بەدەست بهێنن. و لە کۆتایی سەدەکەدا، دارمانی کۆمۆنیزم بووە هۆی دەسپێکردنی بووژانەوەیەک لە دەربڕینی نەتەوەیی لە سەرانسەری یەکیەتی سۆڤییەت و دەوڵەتە گرێدراوەکانیدا. بۆیە هۆیەکی بەهێز هەیە بۆ ڕەچاوکردنی ناسیۆنالیزم وەک هێزی بزوێنەری سەدەی بیستەم. 'ناسیۆنالیزم'، ئایدۆلۆژیای سەرەکی سەدەی بیستەم، ئەو دۆکترینەیە کە نەتەوەکان خاوەن مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانن. گیلنەر[19](١٩٨٣, ١ .p) دەنووسێت کە ناسیۆنالیزم "لە بنەڕەتدا بنەمایەکی سیاسییە، کە پێی وایە یەکە سیاسی و نەتەوەییەکان دەبێ هاوتا بن." ناسێنەی نەتەوەیی لە باری سیاسییەوە زۆر گرنگە لەبەر ئەوەی کە وەڵامی پرسیارێک لە دەرەوەی سنووری دیمۆکراسی دەداتەوە: کێن "ئەو خەڵکە" کە بڕیارە خۆیان بەڕێوەببەن؟ بەوەشەوە، تەنانەت ئەورۆکەش نەتەوەکان و دەوڵەتەکان بە شێوەیەکی نارێکوپێک بەردەوامن لە بەزاندنی سنووری یەکتر. بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە مەیلە سروشتییەکانمان چیمان ڕەنگە پێ بڵێن، ئێمە هەڵە دەکەین ئەگەر وابزانین کە هەر دەوڵەتێک بریتییە تەنیا لە یەک نەتەوە، یان ئەوەی کە هەر نەتەوەیەک سنووردار کراوەتەوە بە یەک دەوڵەت. خشتەی ١.١ چوار ڕێگای تێکەڵبوونی نەتەوەکان و دەوڵەتەکان بە کردەوە، پیشان دەدات. دوو ڕیزی یەکەم لەم خشتەدا جۆرەکانی دەوڵەت (نەتەوە-دەوڵەت، دەوڵەتی فرەنەتەوە) وەسف دەکەن لەکاتێکدا کە دوو ڕیزی دووەم هەڵی زیاتر بۆ گروپە نەتەوەییەکان (نەتەوە بێ دەوڵەتەکان، دیاسپۆرا) پیشان دەدەن. تێگەیشتن لەم پۆلێنبەندییانە بە واتای تێگەیشتنە لە هەندێک ئاڵۆزیی سیاسی جیهانی هاوچەرخ. یەکەم و سادەترین پۆلێنی ڕاستەوخۆ لە خشتەی ١.١دا 'نەتەوە-دەوڵەت'ی نەریتییە. لێرەدا هەر وڵاتێک تەنیا خەڵکی سەر بە نەتەوەکەی لەبەردەگرێت. شۆڕشی ١٧٨٩ی فەرەنسا ئەو بیرۆکەی هێنایە ئاراوە کە دەوڵەت دەبێ بەرژەوەندی و مافەکانی هاووڵاتییانی کە بە یەک ناسێنەی نەتەوەیی پێوەنددراون بەیەکترەوە، دەربڕێت. فەیلەسوفی بەریتانیایی جان ئێستوارت میل (-١٨٠٦ ٧٣) داکۆکیکاری سەرەتایی و کاریگەری نەتەوە-دەوڵەتی هاوتا بوو. ئەو دەیوت کە "لە شوێنێکدا کە هەستی نەتەوایەتی لە

## خشتەی ١,١[٢١]

| نەتەوەکان و دەوڵەتەکان | | | |
|---|---|---|---|
| | جۆری | پێناسە | نموونە |
| نەتەوە-دەوڵەت | دەوڵەت | دەوڵەتێک بریتی لە نەتەوەی خۆی | ئایسلەند |
| دەوڵەتی فرەنەتەوە | دەوڵەت | دەوڵەتێک بریتی لە زیاتر لە نەتەوەیەک | شانشینی یەکگرتوو/بەریتانیا بریتییە لە نەتەوەکانی سکۆتلەند و وێڵز، هەروەها ئینگلیز و ئایرلەندی باکوور |
| نەتەوەی بێ دەوڵەت | نەتەوە | نەتەوەیەک کە دەوڵەتی خۆی نییە و نیشتمانی دابەشکراوە لە نێوان چەند وڵاتدا | کورد |
| دیاسپۆرا | نەتەوە | نەتەوەیەک لە دەرەوەی نیشتمانەکەی پرژوبڵاو بووەتەوە | جوولەکەکان، ئەرمەنییەکان |

هەر هێزێکدا هەبێت، ڕەوشێکی سەرەتایی هەیە بۆ یەکخستنی هەموو ئەندامانی ئەو نەتەوایەتییە لە ژێر هەر ئەو حکوومەتەدا یان حکوومەتێک بۆ خۆیان بەجیا” (١٨٦١, p. ٣٩٢)[٢٠].لە جیهانی ئەورۆکەدا، ئایسلەند نموونەیەک لە نەتەوە-دەوڵەتێکی پەتییە. دانیشتووانەکەی وەها ڕەچەڵەکێکی هاوبەشی بە باشی بەڵگێندراویان لە ناوەوەی دوورگەیەکی چڕەوە هەیە کە پێشینە تۆمارکراوەکانی لەدایکبوون لەم دەوڵەتەدا تاقیگەیەکی تەواو بۆ توێژینەوەی بۆماوەیی/جینەتیکی دابین دەکەن. گەرچی ئەورۆکە کەم وڵات هەیە وەکوو ئایسلەند یەکدەست بن، نەتەوە-دەوڵەت بە ئەگەرەوە هێشتا زاراوەیەکی گونجاوە کاتێک باس لەسەر زۆر وڵات دەکرێ کە تێیایاندا یەک نەتەوایەتی لە باری سیاسی و ژمارەییەوە زاڵە. بۆ نموونە، لە فەرەنسا، ئاڵمانیا و ئیسرائیل، دەوڵەت سەرچاوەی لە خاکی ناسێنەیەکی نەتەوەیی بەهێزدا هەیە، سەرەڕای بوونی کەمینەگەلێکی بەرچاو: جەزائیرییەکان و مەغریب/مەراکێشییەکان لە فەرەنسا، تورکەکان لە ئاڵمانیا و فەلەستینییەکان لە ئیسرائیل (Smooha, ٢٠٠٢). فەرەنسا، بەتایبەتی، وەک نموونەیەکی کۆنی نەتەوە-دەوڵەت ماوەتەوە: چاوەڕوانی لە حکوومەت دەکرێت کە بەرژەوەندییەکانی نەتەوە وەک گشتێک دەرببڕێت و هەموو هاووڵاتییانی فەرەنسا بە شێوەی بەرابەر لە ماف و ئەرکەکانی هاووڵاتیبووندا بەشدار بن.

پۆلێنی دووەم لە خشتەی ١.١ ’دەوڵەتی فرەنەتەوە‘یە. لێرەدا، زیاتر لە نەتەوەیەک بنەڕەتییە بۆ سیاسەتی وڵاتێک و تواندنەوە لە ناو نەتەوایەتییەکی زاڵدا بژاردەیەکی ڕیالیستیک/ڕاستیخوازانە نییە. کۆچی نێونەتەوەیی خەریکە زۆر، ڕەنگە زۆرترین، دەوڵەت بەم ئاراستەدا دەبات. بەوەشەوە، ئێمە نابێت دیاردەی فرەنەتەوەخوازیی بە نوێ بزانین. بۆ نموونە، بەریتانیا لە مێژە دابەش کراوە لە نێوان نەتەوەکانی ئینگلیز، وێڵز، سکۆتلەند و ئایرلەندا؛ کەنەدا لە نێوان ئینگلیزی و فەرەنسی زمانەکاندا؛ و بێلژیک لە نێوان هۆڵەندی و فەرەنسی زمانەکاندا. ئەم نموونانە دەریدەخەن کە دەوڵەتە فرەنەتەوەکان دەتوانن ئاشتی ناوخۆیی و سەقامگیریی سیاسی بەدەست بهێنن. بەوەشەوە، زۆر نموونەی تر هەیە کە دابەشکاری نەتەوەیی لە ناو وڵاتێکدا بووەتە هەوێنی ململانێ. بۆ نموونە، دەوڵەتەکانی باڵکان وەک بۆسنی و کرواسی

لە نەوەدەکاندا ململانێی توندوتیژاوییان لە نێوان گروپە نەتەوەییە کروات، موسڵمان و سێربەکاندا ئەزموون کرد. هەندێ نووسین و توێژینەوە تیشکیان خستووەتە سەر دەوڵەتەکان، چ نەتەوە-دەوڵەت یان فرەنەتەوە. مەترسییەک لە وەها ڕێبازێکی دەوڵەت-تەوەردا هەیە: ئەویش ئەوەیە کە چاوپۆشی دەکرێت لەوەی کە چۆن گروپە نەتەوەییەکان سنوورەکانی دەوڵەت دەبەزێنن.[22] دوو ڕیزی خوارتر لە خشتەی ١.١دا ئەم هەڵە دەخەنەڕوو. سێهەم پۆلێنمان، 'نەتەوەی بێ دەوڵەت'، ئاماژە بە دۆخێک دەکات کە دەوڵەتی خۆماڵی بوونی نییە. بۆ نموونە، کوردەکان بۆ زیاتر لە ٤٠٠٠ ساڵە دانیشتووی ناوچەیەکی شاخاوین لە ئاسیا و ناسێنەی نەتەوەییان بە باشی جێگیر بووە. بەوەشەوە، نیشتمانەکەیان، کوردستان، لە نێوان ئێران، عێراق، سووریا و تورکیا دابەش بووە، و هیوا و ئاسۆیەکی کەم بۆ دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ هەیە (نەخشەی ١.١). وێدەچێت ئەو ٢٠ ملیۆن کوردە بە ئەگەرەوە وەک گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتی جیهان بەردەوام بن.[23] دوایین پۆلێنمان 'ڕەوەند/دیاسپۆرا'یە کە 'ئێسمەن'[24](١٩٩٦, p. ٣١٦) بە "گروپێکی ئێتنیکی کەمینە کە بنەچەی کۆچبەریی هەیە و پێوەندیی هەستیارانە یان ماددی لەگەڵ سەرزەوییە سەرەکییەکەی دەپارێزێت،" پێناسەی کردووە. زاراوەکە لە بنەڕەتدا پێوەندیی بە پرژوبڵاوبوونەوەی جوولەکەکان لە سەرزەوییە فەلەستینییەکەیان دوای بەزینیان لەلایەن ڕۆمییەکانەوە لە ساڵی ٧٠ی زایینیدا هەبووە. جوولەکەکان نموونەی کۆن و سەرەتایین و تەنیا کەمینەیەک لە جوولەکەکانی جیهان ئێستا لە نیشتمانە دێرینەکەدا دەژین. بەڵام زۆر نموونەی تر هەیە. جینۆساید/تووبرکردنی ئەرمەنییەکان لە ساڵی ١٩١٥/١٦دا ڕزگاربووانی بە چواردەوردا پرژوبڵاو کردەوە– و بەتایبەتی بۆ ڕووسیا، فەڕەنسا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئارژەنتین و ئێران. لە کۆی ڕەنگە ١٠ ملیۆن جەماوەری ئەرمەنی لە سەرتانسەری جیهاندا، تەنیا نزیکەی ٣ ملیۆن کەس لە خودی ئەرمەنستاندا دەژین. ڕەوەندەکان (هەندەران/تاراوگەنشینەکان) دەتوانن کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر نیشتمان، نەتەنیا لە ڕێگەی ڕەوتێک لە ناردنەوەی پارە بەڵکوو لە ڕێگەی کاریگەرییان لەسەر ڕێبازی سیاسی (پالیسی)، هەبێت. ٢٠ ملیۆن هێندی نانیشتەجێی هێندستان[25](NRIەکان) بوونەتە لۆبییەکی بەهێز بۆ چاکسازی ئابووری لە وڵاتی سەرەکیدا. گرنگایەتی وەها ڕایەڵەگەلێکی سەروونەتەوەیی [لەڕاستیدا سەروودەوڵەتی] خەریکە زیاتر دەبێت کە سەرهەڵدانی نەتەوە وێنایی/مەجازییەکان هان دەدات و کردەوەیی بوونی "ناسیۆنالیزم لە ڕێگای دوورەوە" (Anderson, ١٩٩٨) پیشان دەدات.

نەخشەی ١.١ نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت: کورد



## پەراوێزەکان:

1. The state and sovereignty
2. Nations and nationalism
3. Rod Hague and Martin Harrop, Comparative Government and Politics; An Introduction, Palgrave Macmillan, 8th edition, 2010.

۴. وەرگێر: هەروەک لە درێژەی ئەم دەقەشدا ئاماژە دەکرێت، ‹دەوڵەت› پێوەندی بە دامەزراوە یان ئینستیتوشن هەیە لەکاتێکدا نەتەوە/نەیشن و هەروەها کۆمەڵ/کۆمیونیتی پێوەندی بە خەڵکەوە هەیە. خەڵک بە گشتی بەشێک لە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتە. دیارە سیاسی بوون بەشێکە لە کۆمەڵایەتی بوون، بەڵام جەخت لەسەر کۆمیونیتی بوونی دەوڵەت جەختە لەسەر خەڵک واتە لایەنە کۆمەڵایەتییەکەی و پشتگوێ خستنی لایەنەکانی تری، لەکاتێکدا کە خەڵکەکەش زۆربەی کات خەڵکێکی یەکدەست نین. بۆیە، گەرچی زۆر جار لە پێناسەی دەوڵەتدا ئاماژە بە کۆمەڵ یان کۆمیونیتی سیاسی دەکرێت، بەڵام بەپێی ئەو پێناسە بەتایبەت یاساییانەی کە جەخت دەخەنە سەر دامەزراوە بوونی، باشترە دەوڵەت وەک ‹قەوارە یان چوارچێوەیەکی سیاسی› ڕەچاو بکرێت تاکوو لەگەڵ پێناسەی کۆمەڵایەتی ‹کۆمیونیتی› تێکەڵ نەکرێت. بنەمای بەکارهێنانی کۆمیونیتی بۆ دەوڵەت ڕەنگە بەتەنیا خودی دەوڵەتەکە وەک چوارچێوەیەکی سیاسی بێت، نەک بنەمایەکی هاوبەشی کۆمەڵایەتی کە هەموو تاکێکی ئەو کۆمەڵگا بگرێتەبەر. بێجگە فرەنەتەوەیی، فرەخزمیی، فرەئایینی، فرەچاندی و زۆر فرەیی ڕەسەنی تر لە ناو خودی دەوڵەتەکاندا کە بنەمای پێکهاتنی کۆمیونیتی جۆراوجۆرن، ئەوڕۆکە جۆرە جیاوازەکانی کۆچ تەنانەت ئەگەر بە چەند کەسێکیش بێت کۆمیونیتی بوونی دەوڵەتی لە باری کۆمەڵایەتییەوە بردووەتە ژێر پرسیار.

۵. بەپێی بیردۆزیی دەوڵەت-نەتەوە و ئەوەی کە پێشتر گریمانە وابووە کە هەر نەتەوەیەک دەوڵەتی خۆی هەبێت کەواتە دەوڵەت و نەتەوە بە هاوتا دەهاتنە ئەژمێر، هەندێ چەمک وەک نەتەوەیی (national)، نێونەتەوەیی (international) و سەروونەتەوەیی (transnational) لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا زۆرتر بە واتای پێوەندیدار بە دەوڵەت، نێودەوڵەتی و سەروودەوڵەتی بەکارهێنراون و جێکەوتوون. لە بواری ئاکادمیکدا هەوڵێک لە ئارادایە کە ئەم چەمکانە لێکتر جیا بکرێنەوە و بە واتا ڕاستەقینەکانیان بەکاربهێنرێن.

6. Gerth and Mills
7. Vladimir Lenin

٨. وەرگێر: لە وڵاتانێکدا کە سیستەمی پاشایەتییان نییە، سەرۆککۆمار هێمای دەوڵەتە. بەوەشەوە، لە هەندێ وڵاتی خاوەن سیستەمی ناباوی سیاسی و نادیمۆکراتیک وەک ئێران، لەڕاستیدا ڕێبەری ڕژیمەکە بووەتە هێمای دەوڵەت.

9. Jean Bodin
10. William Blackstone

١١. وەرگێر: ئەم دوو خاڵە گرنگن لە پێوەندی لەگەڵ کورددا: یەکەمیان پێمان دەڵێت کە کورد وەک نەتەوە لە پێوەندی لەگەڵ کوردەواری/کوردستاندا واتادار دەبێت. بۆیە ئەگەر ئەو داوکارییە/ئیدیعایەی هەیە پێویستە خاکی خۆی بپارێزێت. بەپێچەوانەوە، کۆچی دڵخوازانەی هەمیشەیی بەکۆمەڵ و زۆر لە نیشتمان، چ بۆ وڵاتانی داگیرکەر و چ بۆ دەرەوە، و هەروەها هاوردن و نیشتەجێکردنی خەڵکی نەتەوەکانی تر بەتایبەت لە نەتەوە سەردەستەکان بە بیانووی جۆراوجۆر لە کوردستان، هەڕەشەیە لەسەر بوونی کورد وەک نەتەوە. دووەمیشیان پێمان دەڵێت کە کورد تەنیا لەسەر خاکی خۆی دەتوانێت داوای مافی چارەی خۆ نووسین بکات. بۆیە داگیرکەران نەتەیا کۆچی ئارەزوومەندانەی کوردیان پێ خۆشە، بەڵکوو کۆچاندوویانن و هەمیشەش پلانی گۆڕینی پێکهاتەی

کۆمەڵایەتی کوردستانیان لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە لەوانە جۆرە جیاوازەکانی جینۆساید و کۆچاندنی زۆرەملێ هەبووە. بەم شێوەیە بە تەواوی لە هەوڵدا بوون کە پێوەندی نێوان کورد و خاکەکەی بپچڕێنن و ڕێگە نەدەن مافی چارەنووسی خۆی دیاریی بکات. لەو ئاراستەشدا دوورەپەرێزییان کردووە لە بەکارهێنانی وشەی ‹نەتەوە/نەیشن› بۆ کورد و بۆ دابەزاندنی بۆ ئاستی خوارتر لە وشەگەلێکی تر وەک ‹خزم/ئێتنیک› کەڵکیان وەرگرتووە.

12. Eley and Suny

١٣. وەرگێڕ: واتە دەتوانێت کۆچ بکات. کوردگوتەنی ماڵی بە کۆڵیەوەیە.

١٤. وەرگێڕ: لێرەدا نووسەران بۆ پیشاندانی ئەوەی کە زمان تەنیا مەرجی نەتەوەبوون نییە، ئەو نموونانەیان هێناوەتە ئاراوە. بەوەشەوە، وڵاتی سویسیش دەکرێ وەک زۆر وڵاتی تر، بە فرەنەتەوە ڕەچاو بکرێت. دیارە دۆخیکی تایبەتی هەیە و بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانە هەر سێ زمانەکە لەوێدا فەرمین و دەسەڵاتیش بە باشی دابەش کراوە. لەبەر ئەوەی کە لێرەدا ئەو خەڵکانە ڕازی بە دۆخی هەبوون و هەموو مافە سیاسییەکانیان ڕەچاو کراوە، باس لە یەک نەتەوەبوونی سویس دەکرێت، بەتایبەت بەپێی پێناسەی مۆدێرن بوون لە بەرانبەر دێرین بوونی نەتەوەدا کە دواتر نووسەرانیش باسی دەکەن. بە گریمانەی یەک نەتەوەبوون، دەکرێ بوترێت کە لێرەدا وەک دەگمەنییەک یەک هۆکار، واتە هەبوونی وڵات یان دەوڵەتێک، گرنگترین هۆکاری پێکهێنانی نەتەوەیەکی بەتەنیا سیاسی بووە. لە چەشنی ئەم گرنگترین هۆکارانە دەکرێ بە ئیسرائیل و پاکستان ئاماژە بکرێت کە لەوێنانەدا ئایین گرنگترین هۆکار بۆ پێکهێنانی نەتەوەیەک یان وڵاتێک بووە. ئەوە لەکاتێکدایە کە هاوکات هەرکام لەو خەڵکانەش لە سویسدا سەر بە نەتەوەگەلێکی خاوەن دەوڵەت لە دەرەوەی سویسن کە بوونەتە پاڵپشتی ئەوان. لە بەرانبەر نموونەی سویسدا، زۆر نەتەوەش هەن کە زیاتر لە دەوڵەتێکیان هەیە و هەروەها زۆر دەوڵەتیش هەن کە ئێتنیک یان زمانێک توخمی بنەرەتی پێکهینانی نەتەوە و لە کۆتاییدا دەوڵەتەکە بووە وەک لە فەرەنسا یان ئاڵمانیا. سەبارەت بە زمانی ئینگلیزیش، نابێ کردەی ئەو زمانە وەکوو زمانی پێوەندیدەری نێونەتەوەیی لەگەڵ زمان وەکوو فاکتۆرێکی کۆمەڵایەتی گرنگ، بناخەیەکی گرنگی نەتەوە و بەشێکی گرنگ لە ناسێنەی تاک کە بەرتەسک نابێتەوە تەنیا بە پێوەندیگرتنەوە و زۆر شتی تر لەوانە هەست و سۆز لەبەر دەگرێت، تێکەڵ بکرێت.

15. The primeval soup

16. Anthony Smith

17. Geertz

18. Van den Berghe

19. Gellner

20. John Stuart Mill

٢١. لە پەرتووکەکەدا ژمارەی ئەم خشتەیە ١,٥ دیاریکراوە.

٢٢. بە هۆی ئەوەی کە ئەم وتارە لە دەقی سەرەکی پەرتووکی سەرچاوە جیاکراوەتەوە، ئەم دوو ڕستەیە لەلایەن وەرگێڕەوە بۆ گونجان لەگەڵ شوێنی نوێی بڵاوبوونەوە واتە گۆڤاری تیشک، دەسکاری کراوە. لە پەرتووکەکەدا ڕستە سەرەکییەکان بەم شێوەیەن: «ئەم پەرتووکە تیشکی خستووەتە سەر دەوڵەتەکان، چ نەتەوە-دەوڵەت یان فرەنەتەوە. بەڵام مەترسییەک لە وەها ڕێبازێکی دەوڵەت-تەوەردا هەیە: واتە، ئەوەی کە ئێمە چاوپۆشی دەکەین لەوەی کە چۆن گرووپە نەتەوەییەکان سنوورەکانی دەوڵەت دەبەزێنن.»

٢٣. بە هۆی سیاسەتی ڕەژیمە داگیرکەرەکانەوە ژمارەی وردی حەشیمەتی کورد دیار نییە. دیارە لێرەدا بە پێی مەزندە کۆنەکان کەمترین ژمارە ڕەچاو کراوە. مەزندە نوێیەکان تەنانەت زیاتر لە ژمارە باوەکانی پێشوو کە ئاماژەیان بە نزیکەی ٤٠ ملیۆن دەکرد، پیشان دەدەن.

24. Esman

25. Non-resident Indians (NRIs)